# دوای چاوەڕوانکردنێکی زۆر زەوییەکان دابەشکران ترسی ئەوەمان هەیە کارتەکانمان نەدرێتەوە



ماوەیەک لەمەوبەر بڕیاری دابەشکردنی زەوی بەسەرهاووڵاتییە کرێچییەکانی ناحییە وقەزاکان لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دراو، دوای پڕکردنەوەی ئیستیمارە و جێبەجێکردنی کاری پێویست لای هاووڵاتیان. فایلەکان لەلایەن ناوچە ورێکخراوە حزبییەکانی شوێنەکان وەرگیرانەوە و ئەوان وەکو لایەنێکی شارەزا بە ناسینی خەڵکەکە ناوەکانیان هەڵبژارد و لیستی ناوەکان تەسلیمی قایمەقامی قەزاکان کران و، بۆ ئەم مەبەستەش لێژنەیەک دامەزرابوو، دوای لێکۆڵینەوە و بۆ ماوەیەکی زۆرو چاوەڕوانکردنی هاووڵاتیان زەوییەکان لەگەڵ چەندین کێشە وگرفت وشەڕ و ئاژاوە بە شێوەی تیروپشک دابەشکران، بەڵام ئەوەی بۆتە جێگای گلەیی و نیگەرانی خەڵکەکە داوا کردنەوەی کارتی ژمارەی زەوییەکانە لە هاووڵاتیان لە هەندێ قەزا و ناحیەدا و ئەویش بۆتە کێشەوگرفت هەروەکو خۆیان دەڵێن: هەندێکیان لەبەر پێویست بوونیان بە پارە زەوییەکانیان فرۆشتووتەوە لەگەڵ ئەوەی خۆشیان دەزانن ئەم زەویانە کڕین و فرۆشتنیان لەسەر نییە، بەڵام قەدەرەکەی ئەوان وابووە، هاووڵاتی(ع.م.ع) دەڵێت: من لەبەر ئەوەی پارەی نەشتەرگەری خێزانەکەم نەبوو کارەکەشم وانییە و لەڕووشم نەهات بۆ چەندین جار بۆ قەرز بچمە لای خزم و ناسیار و بۆیە زەوییەکەم فرۆشت کەوا خۆشم زۆر پێویستیم بەم زەوییە هەبوو بۆ ئەوەی ئاوەدانی بکەم و لەدەست کرێچییەتی بحەسێمەوە بەڵام چ بکەم ناچار بووم.

هەندێکیشیان دەستیان بە ئاوەدانکردنی زەویەکە کردووە ترسی ئەوەیان هەیە نەوەکو زەویەکەیان نەدرێتەوە ویاخود بدرێت بە کەسێکی دیکە.

بەدواداچوون/خەندە گۆران



**بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندیمان بە ئەندازیار (ئیسماعیل محەمەد ئیسماعیل) سەرۆکی لیژنەکە و بەڕێوەبەری شارەوانییەکان کرد و، بەڕێزی لەمبارەیەوە گوتی:** هەروەکو دەزانین ئەم زەویانە بە هیچ شێوەیەک کڕین و فرۆشتنیان لەسەر نییە و، ئەو کەسانەی کەوا فرۆشتوویانە دیارە پێویستیان بە زەوی نیشتەجێبوون نەبووە و شایەن نەبوونە ئێمەش کە لێیان وەردەگرینەوە دەبێتە راسترین ئیش کە دەکرێن، زەوییەکان بۆ ئەوە دابەش دەکرێن تاکو کێشەی نیشتەجێبوون چارەسەر بکرێت لە ناحییە و قەزاکان، واتە ئەو خەڵکە پێویستی بەوەیە پارچە زەوییەک وەربگرێت وئاوەدانی بکات، بەڵام کە فرۆشتییەوە ئەوە مانای ئەوەیە کەوا پێویستی پێ نەبووە و بۆ مەبەستی بازرگانییەتی بووە، کەواتە وەرگرتنەوەی شتێکی پیرۆزە، ئەمانە لەلایەک لەلایەکی دیکە ئەو زەوییانەی کەوا وەردەگیرێنەوە رەت نەکراوەنەتەوە ئەوانەی کەوا کارتەکانیان وەرگرتووە ئەو ژمارە زەویانەش کەوا لەسەر کارتەکان دانراوە هەمان زەوی خۆیان وەردەگرنەوە ئەوە تەنیا وردبینییەکی ئەو ناوانە دەکرێت کەوا زەوییان پێدراوە، ئەو وردبینییەش لەسەر ئەو ناوانە دەکرێت کەوا شایەن نیینە ئەوانە رادەگیرێن هەتا جارێکی دیکە بۆمان دەردەکەوێت کەوا شایەنن، بەڵام ئەوانەی کەوا گرفتیانییە کارتەکانییان پێدەدرێتەوە تەنیا پەسندکردنێکی کارتەکانە دوای دانەوەیان ئەوە دەتوانن خانووەکانی خۆیان لێ دروست بکەن.

ئەو کێشانەی کە هەبوو تەنیا لە چەند شوێنی بوون وەکو (قەزای خەبات و بەحرکە و قوشتەپە)، ئەویش هەندێ کێشەمان لەگەڵ لیستی ئەو ناوانە بووکە بۆمان هاتبوون وردبینییەکان بەباشی نەکرابوون، بەڵام لە شوێنەکانی دیکە کێشەمان نییە کارەکان بە ئاسایی دەڕوات، ئەوانەی کە وەر گیراوەنەتەوە لە ماوەی دوو هەفتەدا کارتەکان وردبینی دەکرێین ودەدرێنەوە خاوەنەکانیان یان ئەوەتە شێوەی کارتەکە دەگۆڕێت، یاخود مۆری پەسندکردنی لێدەدرێت ودەیاندرێتەوە.

**سەبارەت بە دەستێوەردانی حزبەکان لە هەڵبژاردنی ناوی هاووڵاتیان بۆ زەوی، دەتوانم بڵێم:** ئێمە لە دابەشکردنی زەوییەکان بە هیچ جۆری هەڵسوکەوتمان لەگەڵ حزبدا بە شێوەیەکی رەسمیدا لەمبارەدا نەکردووە.

تەنیا لەگەڵ قایمەقام و بەڕێوەبەری ناحییە و شارەوانییەکانی خۆمان نەبێت لەم شوێنانە ئێمە وەکو شارەوانییەکان وەکو لیژنە بە هیچ شێوەیەک و لەگەڵ هیچ کەسێک بۆ ئەم مەبەستە دانەنیشتووین، تەنیا ئەوکەسانە نەبێت کە دەزگای کارگێڕی رەسمی ئەو شوێنانەن، بەڵام دوور نییە دەزگا حزبییەکان خەڵکانێکیان هەڵبژاردبێ لەبەر ئەوەی ئەوان لەنێو خەڵکەکەن وزانیارییان لەسەر خەڵکەکە زیاتر هەیە و، دەزانن کێ شایەنەوکێ شایەن نییە لە زەوی، بەڵام ئەوان ناویان هەڵبژاردبێ نەخێر شتی وا نەبووە، ئەی بۆچی ئێستا کارتەکان وەردەگیرێنەوە ئەوان هیچیان پێی ناکرێت دیارە ئەوان هیچ دەسەڵاتێکیان نەبوە ئەگەر دەستەڵاتییان هەبووایە ئەوە کارەتەکان وەرنەدەگیرانەوە.

